# نامەیەکی کراوە بۆ بەریز لویس ئایالا.. سکرتیری سۆسیالیست ئەنتەر ناسیونال..

بەریز لویز ئایالا..

دوای سلاو..

هەروەك زانراوە بۆتان کەیەکیتی نیشتمانی کوردستان وەك حیزبیکی سوسیال دیموکرات ئەندامیتی خۆی لەریکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیونالیستدا، کە ئیوە سەرۆکایەتیەکەیتان بەدەستەوەیە تۆمارکردووە. بەلام ئەم حیزبەو دەسەلاتەکەی لەکوردستانی عیراق لەچەند رۆژی رابردوودا ولەبەرامبەر نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەلکی شارەکانی کەلار و کفری و دەربەندی خان و زەرایان وسلیمانی وچەند شوینیتر، پەنای بۆ رەوشتیکی ئەوپەری سەرکوتگەرانەو دژی ئازادی و دیموکراتی بردووە، بەجۆریك کەنەك هەرلەگەل پرنسیپەکانی ریکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیونال دانایەتەوە، بەلکو سەرەتایەك بۆگیرانەوەی ئیستبداد وسەرکوتگەری بەعسی بۆسەر ژیانی خەلکی کوردستان دەخاتەری. لەمبارەوە ریگام بدەن باکورتەیەك لەرووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی دوایی و کارنامەی یەکیتی نیشتمانی و دەسەلاتەکەی بخەمە پیشچاوتان:

لەرۆژانی 5و6 و7 ی ئەم مانگەدا خەلکی شارەکانی چەمچەمال و کفری و دەربەندی خان بەشیوەیەکی مەدەنی وشارستانی بۆخستنەرووی خواستی دابینکردنی ئاو کارەباو بەنیزن دەستیان دایە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین، بەلام لەبەرامبەردا چەکدارەکانی هیزی ناوخۆی سەربەیەکیتی نیشتمانی بەوپەری درندانەوە لەهەموو شوینەکان کەوتنە پەلاماردانی خەلکەکەو بەتەقەکردن لەخۆپیشاندەران وەلامی داخوازیەکانی خەلکیان داوەتەوە ولەوینەوەشدا دەیان کەس بریندار بوون و کەسانیکیش کوژراون و سەدان کەسیش دوای دەستگیرکردنیان بی لیپرسینەوە خراونەتە نیو زیندانەوە. ئەمە ویرای ئەوەی کەرووژانی دواتر چەکدارەکانی یەکیتی نیشتمانی بەردەوام بەبی رعایەتکردنی ژیانی ئاسایی وخیزانی و بەبەرچاوی منالان و پیروپەکەوتەوە هەلیان کوتاوەتە سەرمالان و لەکاتی خەو پشوداندا هەلسوراوانی ئەم نارەزایەتیانەیان دەستگیرکردووە، وەیا ناچاریانکردون بەهەلهاتن و خۆشاردنەوە. ئەمە لەکاتیکدایە کەتاوانی ئەم خەلکە تەنها ئەوە بووە بەم گەرمای هاوینە (کەرۆژهەیە پلەی گەرما دەگاتە سەرو 45 پلەی سەدی) داوای ئاوو کارەبا و دەستراگەیشتنیان بەبەنزین بەنرخیکی هەرزانکردووە.

بەلام ئەمە یەکەمجار نیە کردەوەی ئاوا سەرکوتگەری لەیەکیتی نیشتمانی و دەسەلاتەکەی بوەشیتەوە، بەلکو ئەوە هەرئەم حیزبەبوو کەبەرلەماوەیەك لەمەوبەر بەتەقەو کوشتن و گرتن وەلامی بە خوپیشاندانەنەکانی خەلکی هەلبجەو رانیەو قەلادزە وکویە دایەوە و چەندین کەسی بەکوژرای و برینداری تەسلیم بەخیزانەکانیانکردەوە. هەرلە27ی مانگی تەمووزی ئەمسالدا بوو، هیزەکانی ناوخۆی یەکیتی مانگرتنی کریکارانی کارگەی چیمەنتوی تاسلوجەیان دایە بەردەستریژی گوللە و 13 کریکاری یان بریندارکرد.. بەراستی هەموو ئەم کردەوانە ئەوتوانی شتیکی کەمتر بیت لە هەر دەسەلات و حیزبیکی سەرکوت گەر؟ ئایا خەلکی کوردستان کەسالەهای سالە ژیانیکی پر حەسرەت و توندوتیژی و خویناویان لەژیر سایەی رژیمی بەعسدا بردۆتە سەر، ئیستا موستەهەقی ئەم کوشت و برین و سەرکوت گەریەی دەسەلاتە خۆمالیەکەی یەکیتی نیشتمانین؟ ئایا هیچ شتیك دەتوانی پاساوی ئەم هەلسوکەوتانەی یەکتی وهیزەچەکدارەکانی بداتەوە؟

بەریز لویز ئایالا..

واقعیەتەکانی ژیانی خەلکی کوردستان ئەوەیە کەئەوان 15 سالە لەگەل دەسەلات و دام و دەزگایەکی کەندەل و فاسدا بەبەروروون، دەسەلاتیك کەکەمترین وەلامی بەباشکردن و دابینکردنی لانی کەمی خزمەتکوزریەکان و پیداویستیەکانی ژیانی شاری نەداوەتەوە و هەرجارە بەبەهانەیەك خۆیان لیدزیوەتەوە. خەلکی کوردستان ئەمرۆ لەکاتیکدا لەگەل نەبوونی ئاو کارەبا و بەنزین وسوتەمەنی بەرەو رووبوونەتەوە کەدەبینین سەرانی یەکیتی نیشتمانی و کاربەدەستانی دەسەلاتەکەی بەهەشتیکیان بۆخۆیان پیکهناوە و لەهیچیان کەم نیە. ئەمانە کە دەستیان بەسەر هەموو سامانی کۆمەلگادای گرتووە، ئامادەنین نەك هەر ژیانیکی ئاسایی بۆخەلکی موحتاجی کوردستان دابین بکەن بەلکو سەرەتایترین پیداویستی ژیانی ئەوان کە ئاو وکارەبایە خستۆتە گرەوی تەفکردن و خوینرشتن و پەلاماردانەوە. لەم نیوەشدا خەلکی بۆ بەدەست هینانی هەقی ژیانی خۆیان ریگایەکی تریان لەبەردەم نیە جگەلە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بەوەزعیەتیك کەتیی کەوتوون. ئەمەش ریگایەکی رەواو بەرهەقە وجیگای پشتیوانی هەرکەس ولایەنیکی ئازادیخواز ومرۆڤدۆستە. لەمبارەوە من بەناوی حیزبی کۆمنیستی کرکیاری عیراقەوە داواتان لیدەکەم کەلەپشت خواستی خەلکی کوردستان رابوەستن وبەشیوەی گونجاوی خوتان ریگا بگرن لەوەی کەیەیکتی نیشتمانی چیتر دەست بۆئەم رەوشتانەبەریت.

بیگومان کاریك کەیەکیتی نیشتمانی دەستی بۆبردووە، هیچ جیگایەك بۆئەندامیتی لەریکخراوی نیونەتەوەیی سۆسیالیست ئەنتەرناسیونالدا ناهیلیتەوە، بەلام ئیمە لیرەدا داوامان ئەوەیە لەبەریزتان کەفشار بینن بۆ ئەوەی کەیەکیتی نیشتمانی مل بدات بەدوای خەلکی کوردستان وبەفەوری:

1- گیراوەکان ئازاد بکاو دەست هەلبگری لەپەنابردن بۆهەرجۆرە توندوتیژی وتەقەکردن ودەست دریژیەك بۆسەر خەلك بەبەهانەی بەشداری کردن لەخۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربریندا..

2- مافی ئازادی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین لەکوردستاندا بەرەسمی بناسینێ.

3- ئاو كارەبا و سوتەمەنی بۆ خەلك دابین بكات..

لەکوتایدا من دلنیام لەوەی کەدەخالەتی ئیوە لەراستای جیگیرکردنی ئەم خواستانەی سەرەوەدا ئەتوانی بارودۆخەکان بەقازانجی خەلکی کوردستاندا بەروباشی ببا، بەلام بەپیچەوانەوە مانەوەی یەکیتی نیشتمانی لەسەر ئەم هەلویستانەی ئیستای ودریژەپیدانی، ژیانی خەلکی بەرەو کارەساتیکی گەورەدەبا و دواتریش هیچ شانازیەك بۆ ئیستاو داهاتووی ئیوە و ریکخراوی سۆسالیست ئەنتەر ناسیونال وئەولایەنانەی ئەندامن تیدا ناهیلیەتەوە..

بەهیوای دەستبەکاربوونتان..

دووبارە سلاومان هەیە..

خەسرەو سایە

مەکتەبی سیاسی

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق/نوینەرایەتی دەرەوە

2006/8/8